# ڕەوشی شارستانی کفری بەگوێرەی تیانووسی گەڕیدەکان و بەڵگە توێژینەوەیەکی مێژوویی- نامەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی نۆزدەدا (توێژینەوەیەکی مێژوویی- ژیارییە)

د.ڕێواس فتاح محمد صاڵح
بەڕیوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی، ڕۆژئاوا
rewas.fatah@spu.edu.iq

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٢ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە**

کفری یەکێکە لەو ئـاوەدانییـانەی، کە دیرۆکی پەیـدابوونی بۆ ســەردەمێکی مێژوویی دوور دەگەڕێتەوە و لە سـەرچاوەکانی دەوڵەتی عوسـمانی لەسـەدەی نۆزدە بە (سـەلاحییە) ناویهاتووە، کفری بە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی میرنشینی بابان و لیوای شارەزوور دادەنرێت، بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە، کە لە با شورەوە لەگەڵ ویلایەتی بەغداد هاوسـنور بووە و کەوتبووە سـەر ڕێگای سـەرەکی تێپەڕبوونی کاروانە بازرگانییەکانی نێوان کەرکوک- بەغداد، بەشێکی زۆر لەو گەڕیدانەی سەردانی ویلایەتی بەغداد و موسڵ و باشوری کوردستانیان کردووە، یاخود بەناوچەکەدا تێپەڕبوون کفری بووە بە جێگای سەرنجیان و لە نوسینەکانیاندا باسی ئەم شارۆچکەیان کردووە. ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە نیشاندانی مێژووی شارستانی کفرییە وەک یەکیک لە شارۆچکە گرنگ و بەبایەخەکانی ناوچەی گەرمیان و باشوری کوردستان لە سەدەی نۆزدەدا، ئەم توێژینەوەیە ئاستی ئاوەدانی و چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ژیاریی کفری دەخاتەڕوو، هەروەها ڕۆڵ و پێگەی کفری لەنێو ڕووداوە مێژووییەکانی سەدەی نۆزدەدا نیشاندەدات.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ باسی سـەرەکی پێکهاتووە، لەباسـی یەکەمدا بەدوو تەوەر کورتەیەکی مێژوویی لەسـەر هەڵکەوتەی جوگرافی و ڕژێمی کارگێڕیی شـاری کفری لەسـەدەی نۆزدەدا باسـکراوە، لەتەوەری دووەمیشـدا ڕەوش و ئاستی ئاوەدانی و بیناسازی کفری باسکراوە. لە باسی دووەمدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتوریی باسکراوە. لە باسی سـێیەمدا ڕەوشـی ئابووریی کفری لەسـەدەی نۆزدەدا خراوەتەڕوو، بەچەند تەوەرێک باس لە موڵکداری زەوی و کشـتوکاڵ و ئاژەڵداری، بازرگانی و بازاڕ و پیشـە و پیشـەگەریی کراوە. لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانە خراوەنەتەڕوو کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە.

**المستخلص:**

تعتبر كفري من المدن الحضرية التي يعود تأريخها الى العصور التاريخية القديمة. وقد جاء اسمها في مصادر الدولة العثمانية في القرن التاسع عشر (بالصلاحية)،كانت كفري من أحدى المناطق المهمة في الأمارة البابانية و لواء شهرزور، نظرا لموقعها الجغرافي التي تحده من الجهة الجنوبية ولاية بغداد و التي تقع على الطريق الرئيســي للقوافل التجارية بين كركوك- بغداد، وقد اصـبحت محط انظار أغلب الرحالة الذين مروا بولاية بغداد و الموصـل و جنوب كردسـتان أو مروا بالمنطقة و ذكروها في كتاباتهم.

الهدف من أختيار هذا الموضوع إبراز تاريخ حضارة كفري كأحد المدن المهمة في منطقة گرميان و جنوب كردستان في القرن التاسـع عشـر .هذا البحث يلقي الضـوء على الجانب العمراني و النشـاط الإقتصـادي و الإجتماعي و التراث الحضاري للمدينة، وكذلك الدور والمكانة التي لعبتها المدينة ضمن الاحداث التاريخية في القرن التاسع عشر.

تتكون هذه الدراسة من مقدمة و ثلاثة مباحث رئيسية: المبحث الاول تنقسيم الى محورين، المحور الاول هي نبذة تاريخية حول الموقع الجغرافي و النظام الإداري للمدينة كفري في قرن التاســع عشــر، اما الحور الثاني تتحدث عن المســتوى العمراني في كفري. المبحث الثاني تتحدث عن التركيبة الإجتماعية و التراث الشــعبي . أما المبحث الثالث تتحدث عن الوضـع الإقتصـادي من خلال عدة محاور، فقد تحدثنا فيه عن ملكية الاراضــي الزراعية و الزراعة و الرعي والتجارة و الاسواق و الحرف...، وخلصت الخاتمة جميع الاستنتاجات التي توصلت الدراسة اليها.

الكلمات المفتاحية: (كفري، الوضع الحضاري، الرحالة، الدولة العثمانية، القرن التاسع عشر).

**Abstract:**

Kifri is one of the urban cities that dates back to ancient historical eras. Its name was mentioned in the Ottoman sources in the nineteenth century as (Salahia). Kifri was one of the important areas in the Babani Emirate and the Sharazoor District, due to its geographical location, which is bordered to the south by the Baghdad State and which lies on the main road for commercial caravans between Kirkuk and Baghdad. It has become the focus of most travelers who passed through the Baghdad State, Mosul and southern Kurdistan or passed through the region and mentioned it in their writings.

The aim of choosing this topic is to highlight the history of the civilization of Kifri as one of the important cities in the Garmian region and southern Kurdistan in the nineteenth century. This research sheds light on the urban aspect, economic and social activity, and cultural heritage of the city, as well as the role and position that the city played within the historical events in the nineteenth century.

This study consists of an introduction and three main chapters: The first chapter is divided into two axes, the first axis is a historical overview of the geographical location and administrative system of the city of Kifri in the nineteenth century, while the second chapter talks about the urban level in Kifri. The second chapter talks about the social structure and popular heritage. As for the third chapter, it talks about the economic situation through several axes, we talked about the ownership of agricultural lands, agriculture, grazing, trade, markets and crafts..., and the conclusion summarizes all the conclusions reached by the study.

Key words: (Kifri, cultural situation, traveler, Ottoman states, nineteenth century).

**پێشەکی**

کفری یەکێکە لە شــارۆچکە دێرینەکانی باشــوری کوردســتان، کە لەنێو شــانۆی ڕووداوە مێژوویەکانی ســەردەمە جیاوازەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی بینیووە، بۆیە نوسینی توێژینەوەیەک لەبواری مێژووی شارستانی کفری کارێکی ئاسان نییە و ڕەنگە بەدەیان کتێب نەتوانرێت ئەزمونی مێژووی کفری نیشــان بدرێت، کفری لەو شــارۆچکانەی خاوەنی کەلەپورێکی دەوڵەمەندە لەڕووی شــارســتانییەوە، کە لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە شــوێنەوار و پاشــماوە مێژوویییەکانی سەدەی نۆزدە دەتوانرێت وێنەیەک لەڕەو شی ژیان و دە ستکەوتە شار ستانییەکانی کفری نی شان بدرێت، پا شماوە و شوێنەوارە دێرینەکانی کفری لە گردۆڵکە دەستکردەکانییەوە وەکو (ئاسکی کفری ، قەرەئۆغلان و تەپەقەوی...) هەتاکو شــورا، خانووبەرە و شــانشــین، ژێرتاق، بازاڕ و قەیســەری، خان و کاروانســەرا، مزگەوت و تەکیە و خانەقا، ئاش و ئاسیاوەکانی..) نمونەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش لە هونەری بیناسازی و ڕەسەنایەتی مێژووی شارستانی کفری نیشاندەدەن.

بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی کفری لە سەر شارێگای بازرگانی نێوان شارەکانی بەغداد و کەرکوک لەلایەک ، بەسرە و قەوقاز لەلایەکیترەوە هەمیشــە ناوچەکە جموجۆڵی بازرگانی تێدا بووە، کە لەڕووی کەلتوری و شــوێنەوە زیاتری کفری ناســاندووە، بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کاروانســەرا و قاوەخانە و کۆبوونەوە و تێکەڵاوی خەڵکی کفری و ناوچەکانیتریش لەم شــوێنانەدا بووە بەهۆی تێکەڵاوبوونی خەڵکی کەلتورە جیاوازەکان و بۆ بوژاندنەوەی کەلەپور و فەرهەنگی کفری و ناساندنی نەریتەکانی ناوچەکە بەخەڵکی دەرەوەی کفری ڕۆڵی گرنگی بینیووە.

**گرنگی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەی مێژووی شارستانی لەڕووی زانستییەوە بایەخی تایبەتی هەیە، چونکە ئەم جۆرە توێژینەوانە بەراورد بە مێژووی سیاسی کەمتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە، لەهەمانکاتدا نوسینی مێژووی سەدەکانی نۆزدە و پێشوتریش دیســان گرنگی خۆی هەیە، چونکە مێژووی ئەو ســەردەمانە زیاتر لەلایەن کەســانێکەوە نوســراون کە خۆیان کورد نەبوون و خوێنـدنەوەیـان بۆ کۆمەڵگەی کوردی ڕەنگە لەســەر بنەمـای زانیـاری زۆر و ورد نەبووبێـت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە، مێژووی شارستانی و زۆربەی لایەنەکانی ژیاریی کفری خستووەتەڕوو، هەرچەندە بەهۆی پابەندبوون بە پێوەرەکانی توێژینەوە و ژمارەی لاپەڕە دەرفەتی درێژەپێدان و وردەکاری سنوردار بووە.

**ئامانجی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەدا بەشێوازێکی زانستی و ئەکادیمی ڕەوشی شارستانی شارۆچکەی کفری لەسەدەی نۆزدەدا نیشاندراوە، بەپشتبەستن بەهەندێک لەو سەرچاوانەی کە بۆسەدەی نۆزدە دەگەڕێنەوە لەوانە تیانووسی گەڕیدەکان و بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ساڵنامەکان و ئەو کتێبانەی لەسەر مێژووی ناوچەکە نوسراوە، بەشێک لە مێژووی ژیاریی کفری نیشــاندراوە و ئەو هەلومەرجانە خراوەتەڕوو، کە کاریگەرییان لەســەر مێژووی شــارســتانی کفری دروستکردووە، ئەمە دەبێتە کارێکی زانستی باش بۆ ئەو توێژەرانەی دەیانەوێت لەسەر مێژووی شارستانی کفری لەسەدەکانی دواتر بنوسن.

**میتۆدی توێژینەوە**

لە نوســینی ئەم تویژینەوەدا زیاتر ســود لە میتۆدی وەســفی و مێژووی وەرگیراوە، لەهەندێک بابەتدا بەتایبەتی بە شێک لە زانیاری گەڕیدەکان یان بەڵگەنامەکان میتۆدی شیتەڵکاری بۆ تێڕامان و شیکردنەوەی بابەتیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە پێڕەوو کراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ، پێشەکی، سێ باسی سەرەکی و چەند تەوەرێک پێکهاتووە: **باسی یەکەمدا: هەڵکەوتەی جوگرافی و ڕژێمی کارگێڕیی و ڕەوشی ئاوەدانی شاری کفری .** لە **تەوەری یەکەمدا:** کورتەیەک دەربارەی مێژوو و جوگرافیا و ڕژێمی کارگێڕیی کفری باسکراوە. **لەتەوەری دووەمدا :** ڕەوش و ئاستی ئاوەدانی و بیناسازی کفری باسکراوە. **باسی دووەم: ڕەوشی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە کەلتوریەکانی کفری. لەتەوەری یەکەمدا:** پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کفری باسکراوە. **لەتەوەری دووەمدا** : نەریتە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی کفری نیشاندراوە. **لەتەوەری سێیەمدا: ڕەوشی خوێندن و خوێندەواری لە کفری باسکراوە. لە باسی سێیەمدا : ڕەوشی ئابووری کفری لە سەدەی نۆزدەدا خراوەتەڕوو،** بە سێ تەوەری جیاواز **(١- کشتوکاڵ ٢- بازرگانی ٣- پیشەوپیشەگەری)** باسکراوە.لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوە نوسراوە.

**باسی یەکەم: هەڵکەوتەی جوگرافی و ڕژێمی کارگێڕیی و ڕەوشی ئاوەدانی شاری کفری**

**١- کورتەیەک دەربارەی مێژوو و جوگرافیا و ڕژێمی کارگێڕیی کفری**

کفری یەکێکە لەو ئاوەدانییانەی باشوری کوردستان، کە مێژووی دروستبوونی بو سەردەمانێکی دوور دەگەڕێتەوە، لەهەر سەردەمێکدا بەجۆرێک ناویهاتووە، کە لەسەدەمی سۆمەرییەکاندا بە(کیماش)، لای ئیلامییەکان بە(کیپرات)، لەسەردەمی ئاشورییەکاندا بە(کپرۆ)، لەسەردەمی ئاشوری نوێیدا بە (لاخیرۆ-لاخیر)، لەسەردەمی ڕۆمانییەکان بە (ڤرجیا) ناویهاتووە، لە سەرچاوەکانی عوسمانیشدا سەرەتا بە (زەنگاباد) و دواتر بۆ(صلاحییە) گۆڕاوە(عزیز، ٢٠١٣: ١٣). لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە کفری بە دووری (١٠٠کم) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک هەڵکەوتووە، نزیکەی(٢٣٠م) لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، لەنێوان بازنەکانی پانی (٣٤-٤١) باکور، هێڵەکانی درێژی (٤٤-٥٧) ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە (عبدلله، ٢٠١٢: ١٣). کفری لەو شوێنەی بە ئاسکی کفری ناسراوە لەسەردەمە کۆنەکاندا بەشورایەک دەورەدرابوو، چوار دەرگای بۆ چوونە ژوورەوە و هاتنەدرەوە بۆ دروستکرابوو، کە ئاراستەی درەگاکانی ڕوویان لە شارەکانی(بەغداد، کەرکوک، سلێمانی، هەولێر) کردبوو (صالح، ٢٠٠٥: ٨٤٧). کفری کەوتبووە ئەوپەڕی باشوری لیوای شارەزوور و لە باکوری خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ لیوای سلێمانی، لە باشوریشەوە لەگەڵ ویلایەتی بەغداد هاوسنورە، نزیکەی (١٥٨ گوند) سەر بە قەزای کفری بوون، کە ژمارەیان دانیشتوانیان نزیکەی (١٤٠٠٠ کەس) بووە و زۆربەیان کوردی موسڵمان بوون جگە لەتەنها (٨٠ جولەکە)، کە لە ناوەندی قەزاکە نیشتەجێ بوون (سامی، ٢٠٠٨: ١٩٨-١٩٩) .

مێژووی دروســتبوونی کفری دێرینە و بەگوێرەی ســەردەمە مێژووییەکان چەندینجار جیگۆڕکێ بەســەر شــوێنی شـــارەکەدا هاتووە، لەمبارەیەوە ڕاجیایی هەیە و هەندێک هۆکارەکەیان بۆ ڕووخانی بەربەســتی (قۆشــەچاپان)، کە ڕووبـارێـک بووە و بە ڕۆژهەڵاتی کفریـدا تێپەڕیووە گەڕانـدوەتەوە (دەلۆ، ٢٠١٠: ٢٧)، بۆچونێکی دیکە پێوایە ڕەنگە گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووبارەکە هۆکار بووبێت بۆ گۆڕینی شـوێنی شـارەکە، بەڵام بۆچونێکی دیکەیش هەیە، کە هۆکاری جێگۆڕکێی شار بۆ شەڕ و داگیرکاری زلهێزەکانی وەک ڕۆمانییەکان و فارسەکان دەگێڕێتەوە، کە دانیشتوانی شارەکە لە پێناو پاراســتنی گیان و ژیانیان بەرەو ئاڕاســتەی ڕۆژهەڵات ڕۆشــتوون، تاوەکو لەکاتی شــەڕ و داگیرکارییەکاندا ڕووبکەنە شـــاخەکان و وەک پەناگە بۆ پاراســتنی خۆیان ســودیان لەچیا و شـــاخەکانی ناوچەکە وەرگرتووە. کفری بەگشتی لە سێ سەردەم و شوێنی جیاوازدا دروستکراوە، کۆنترین شوێنەواری کفری (ئێسکی کفری)کە و شەیەکی تورکییە و بەمانای کفری کۆن دێت و بە دووری (٨کم) لە باشـوری کفری ئێسـتاوەیە و لە گردێک پێکهاتبوو هاوشـێوەی ئەو گردانە بووە، کە قەڵای هەولێر و کەرکوکی لەســـەر بنیـاتنرابوو، بەڵام (ئێســـکی کفری) لەڕووی ڕووبەرەوە بچوکتربووە(برادۆستی و ئەحمەد، ٢٠١٧: ١٠-١١).

لەپـاش ڕووخـانی (ئێســـکی کفری)بۆ جـاری دووەم لەڕۆژهەڵاتی ئێســـتـای کفری لە (قەرەئۆغڵان) شـــــارەکە دروســـتکراوەتەوە، کە ڕەنگە مێژووی بنیاتنانەوەی بۆ ســـەردەمی بەر لە هاتنی ئیســـلام بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، دۆزینەوەی چەندێن پاشماوەی وەک گۆزە و کوپەڵەی بەردینی کۆن و شوێنەواری گۆڕی سەردەمی زەردەشتییەکان لە ئەشکەوتەکانی ناوچەکەدا وەک بەڵگەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییە دادەنرێن (عبدللە، ٢٠١٢ : ٧).

کفری ئێســـتا لەدوای ڕووخان و خاپوربوونی (قەرەئۆغڵان) لەســـەردەمی دەرکەوتنی ئاینی یارســـان لەناوچەکە دروستبووە، لەگەڵ هەبوونی مەزارگەی (بابە شا سوار) کە یەکێک بووە لەپێنج قوتبەکانی ئەم ئایینە و لە شەڕیکدا، کە پێدەچێت لەکۆتاییەکانی سـەدەی چواردەیەمی زاین کوژراوبێت، لەسـەردەمی (ئاتەش بەگ)دا ناوی کفری نوسـراوە، یاخود ڕەنگە لە درەختی (کفر- تەروو)ی شێوەزاری گۆران وەرگیرابێت، کە شێوەزاری ئاینیی یارسانیش بووە، بەڵام لە ئێستادا هیچ یارسانێک لە شارەکەدا بوونی نییە(عزیز، ٢٠١٣: ٢٠). هەر سەبارەت بە ناوی کفری بۆچونێکیتر هەیە گوایە ئەو قیرەی، کە لە گونـدی نـاســـاڵحیەدا هەبووە بەزمـانی ســـۆبـارتۆ پێیواتراوە (کثرو)، بۆ (کفر) و دواتر بۆ کفری گۆڕاوە،ڕەنگە ئەو بۆچوونەی پێیوایە کە ناوی کفری لە درەختی(کفر-تەروو)ەوە هاتووە زیاتر لە ڕاســـتییەوە نزیک بێت، چونکە درەختی تەروو بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەدەوروبەری کفریدا هەبووە و هێشـتا لەسـەر چەمی کفری زۆرە و دەبینرێت (عبدللە، ٢٠١٢ : ١٤-١٥).

کفری لەڕووی کارگێڕییەوە، وەک پێشـتر ئاماژەمان بۆ کردووە لە سـەردەمانێکی دووری مێژووییەوە ئاوەدان بووە لەنوسـینی بەشـێک لە میللەتە دێرینەکان وەک (سـۆمەرییەکان، ئاشـورییەکان، ئیلامییەکان، ڕۆمانییەکان(عزیز، ٢٠١٣ : ١٣)، لۆلۆییەکان، میتانییەکان، گۆتییەکان ناوچەیەکی ئاوەدانبووە(دەلۆ، ٢٠١٠ : ٢٠). هەروەها لەشـــەڕەکانی نێوان (جەلائیرییەکان- تەیموری لەنگ- دەوڵەتەکانی قەرەقۆینلۆ- ئاققۆینلۆ) زیانی گەورە بەرشـــارەکە کەورتووە. هەر لە سەرەتاکانی سەدەی شانزدەیەشەوە بووە بە سەرە ڕێگای لە شکرکێشی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان و لەپاش

شــکانی ســەفەوییەکان و داگیرکردنی بەغداد لەلایەن عوســمانییەکانەوە لەســاڵی ١٥٣٤ کفریش بووە بە بەشــێک لەقەڵمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ یەکەمجاریش (پیرنەزەر) لە سەرەتای سەدەی شانزدەوە دە سەڵاتی گەیشتووەتە کفری و توانیویەتی بۆ ماوەیەک شارەکە لە بەغداد دابڕێت و بیخاتە سەر قەڵمڕەوی میرنشینی بابان (عزیز، ٢٠١٣ : ٢٠).

لەکاتی هاتنی عوســمانییەکان بۆ ناوچەکە ســوڵتان ســلێمان قانوونی بەچەند قۆناغێک وڵاتی عێراقی ئێســتای دابەشکردووە بەسەر چوار ئەیالەتدا، کە ئەوانیش (بەغداد، بەسرە، موسڵ، شارەزوور)، هەر ئەیالەتێکیش لەچەند لیوا پێکهاتبوو، (لیوای زەنگاباد)، کەناوەندەکەی کفری بووە بە ئەیالەتی بەغدادەوە بەســتراوەتەوە (العزاوی، ١٩٤٩ : ٥٠ و ٣٣٩)، کفری هەر لە ناوەڕستی سەدەی شانزدەهەمەوە وەک سەنجەقێکی سەر بەئەیالەتی بەغداد ناوی لە دەفتەری دابەشــکردنی کارگێڕیی دەوڵەتی عوســمانیدا هاتووە (علی، ١٩٨٥: ٢٢)، دواتر لەچوارچێوەی فراوانخوازییەکانی میرنشــینی باباندا لەســەرەتاکانی ســەدەی هەژدەهەمەوە ناوچەکانی نێوان ڕووباری ســیروان و زێی بچووک، کە ڕۆژهەڵاتی ڕێگای نێوان کفری- ئاڵتون کۆپری دەگرێتەوە بوون بەقەڵمڕەوی میرنشینی بابان وهەندێکجار دەسەڵاتیان هەتا(کفری، زەنگاباد، خانەقین و حەمرین) درێژبووەتەوە (برادۆستی و ئەحمەد، ٢٠١٧: ٢٨).

بەدرێژای سێ سەدەی پڕ لە کێشە و ململانییە و جەنگی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی( سەفەوی، ئەفشاری، زەند و قاجاری) لەگەڵ میرنشینە کوردییەکانی (بادینان، سۆران، بابان)، باشوری کوردستان زیانی گەورەی بەرکەوتووە و بووە بەهۆی لەناوچوون و وێران بوونی چەندین ئاوەدانی و دەرکەوتن و زیادبوونی ڕۆڵی هەندێکیتر، (زەنگاباد) یەکێک بووە لەو شــوێنانەی زیانی گەورەی بەرکەوتووە، کەپێشــتر لیوایەک بووە ســەر بەئەیالەتی بەغداد و کفری ناوەندە کارگێڕییەکەی بووە، لەدوای ڕووخانی میرنشینی بابان و بەستنەوەی ناوچەکە بە ناوەندی حکومڕانی دەوڵەتی عوســمانییەوە (یوســف، ٢٠٠٥: ١٢٩)، زەنگاباد لەســاڵی ١٨٦٢ وەک ســەنجەق ناویهاتووە، کە کفری لەڕووی کارگێڕییەوە هێشتا سەر بەم سەنجەقە بووە(کفری (سەڵاحیە) لەبەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، ٢٠٢٢: ٣٥). دەوڵەتی عوسمانی بەمەبەســتی ڕێکخســتنەوەی ئەیالەتەکان لەســاڵی ١٨٧٠ لەســەردەمی والی بەغداد (مەدحەت پاشــا) گۆڕانکاری لە ســیســتەمی کارگێڕیدا کردووە (یوســف، ٢٠٠٥: ١٢٩)، لیوای (زەنگاباد)ی بۆ قەزای (زەنگاباد) گۆڕیووە و لەڕووی کـارگێڕییەوە بە لیوای شـــارەزووری بەســتوەتەوە، هەردوو لیوای شـــارەزوور و ســلێمـانی ســەر بە ویلایەتی بەغدادبوون(العزاوي، ١٩٥٦ : ٥٥-٥٦).

لەساڵی ١٨٧٩ جارێکیتر گۆڕانکاری لەسیستەمی کارگێڕییدا کراوە و هەردوو لیوای سلێمانی و شارەزوور لەڕووی کارگێڕییەوە بەستراونەتەوە بەویلایەتی موسڵەوە (ج.ه.کرامرز (تۆمابوا)، ٢٠١٣: ١٣٢)، کە لە (٣ سەنجق) و (١٧ قەزا) و (٢٨ناحییە) و (٢٣١٤ گوند) پێکهاتبوو، قەزای ســەلاحییە(کفری ئێســتا) لەڕووی کارگێڕییەوە بەســتراوەتەوە بەلیوای شارەزوور لە یەک ناحیە (قەرەتەپە) و (٩١گوند) پێکهاتبوو (دەباغ، : ١٥١و١٥٨). بەگوێرەیساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی (١٢٩٤ه/ ١٨٧٧م) دابەشــبوونی یەکە کارگێڕییەکانی کفری بەمشــێوەیە بووە: (قایمقام ئەحمەد ئەفەندی، جێگرەکەی ئیبراهیم ئەفەندی، بەڕێوەبەری ژمێریاری عەلی ڕەزا ئەفەندی، کاتب تەحریر ئەحمەد ئەفەندی)، ئەندامانی ئەنجومەنی

کارگێڕیش پێکهاتبوون لە: (عومەر ئەفەندی، محمود حیلمی ئەفەندی، هارون ئەفەندی)، بەڕیوەبەری پۆستە و گەیاندنیش تۆفیق ئەفەندی بووە (سالنامە دولت علیە عثمانیة، ١٢٩٤ھ : ٩٩).

**٢- ڕەوش و ئاستی ئاوەدانی و بیناسازی کفری**

کفری لەو شارۆچکانەی باشوری کوردستانە، کە لە تیانووسی زۆربەی ئەو گەڕیدانەی سەردانی ویلایەتی بەغداد و موسڵیان کردووە ئاماژەی بۆ کراوە، هەرچەندە بەشێکی زانیارییەکانیان لەمباریەوە زۆر بەکورتی خراوەتەڕوو، بەڵام بە لێکدان و کۆکردنەوەی زانیاریەکان دەکرێت وێنەیەک لە ئاستی ئاوەدانی و ڕەوشی ژیانی دانیشتوانی کفری لەسەدەکانی ڕابردوو نیشان بدەین. یەکێک لەو گەڕیدانەی لەساڵی ١٧٥٨ لەگەشتێکدا بۆ کوردستان بەکفریدا تێپەڕیووە دکتۆر ئیڤزە، ناوبراو بەمشێوە باسی کردووە، شارۆچکەی ئێسکی کفری لەسەر گردۆڵکەیەکی نزم بنیاتنراوە و ژمارەیەک جۆگەی سازگار بەدەوروبەریدا تێپەڕدەبوون و ژمارەیەکی بەرچاو شەمشەکوێرەی تێدابووە، وەرگیراوە لە(هەروتی، ٢٠١٤: ٦٥). نیبۆری گەڕیدەی ئەڵمانی، لەساڵی ١٧٦٦ کفری بە (ئێسکیکرفە) ناوبردووە، کەلەلایەن یەکێک لە خەلیفەکانی عباسی لەشاری سامەراوە دروستکراوە، بەگوتەی ناوبراو هێشتا ئەو دیوارەی لەهەر چوارلاوە دەوری داوە بەپێوە ماوەتەوە و نەڕووخاوە، ناوچەکەی وەک بیابانێک ویناکردووە، کە ژمارەیەکی زۆر گردۆڵکەی مێژوویی تێدایە و بۆ سەردەمی فروثی و ساسانییەکان دەگەڕێنەوە(نیبور، ٢٠١٢ : ٣٠٣-٣٠٤).

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا ژمارەیەک گەڕیدە بە نێو کفریدا گوزەریان کردووە و لە تیانو سەکانیاندا باسی ئەم شارەیان کردووە، لەوانەش (جیمس بکنگهام) وتویەتی:"کفری لە پێدەشتی دامێنی چیایەکی ڕووتەندا هەڵکەوتووە، کە بە شورایەک و کۆمەڵێک خانووی لە قوڕ درو ستکراو دەورە دراوە، لەبە شی ڕۆژهەڵاتەوە جۆگەلەیەکی ئاوی گەورە دێتە ناو شارەکەوە و چە ندین لقی لێبوەتەوە بەنێو بەشە جیاوازەکانی شاردا بڵاوبونەتەوە و بووە بە مایەی پاکوخاوینی شار و حەوانەوەی خەڵکەکەی، لەبەشی سەرەوەی شورای شارەکەدا چەندین قولله و شوێنی تفەنگ دروستکراوە، کە بەپلیکانەیەکی تەسک و باریکەڕێدا پێیان دەگەیت، لەنێو شاردا هیچ تۆپهاوێژێکم بەرچاونەکەوت، بازاڕی شارەکە لە ڕواڵەتدا زۆر خراپ و پەڕپوتە هەرچەندە پڕە لە کاڵا و پێداویستی و میوە بەتایبەتی باشترین جۆرەکانی(ترێ و کاڵەک)، کەبابخانەیەکی باشی تێدایە کەباب و گۆشت و سجوقی برژاو دەفرۆشن، هەرچەندە تەنها یەک قاوەخانەی تێدایە، بەڵام دەتوانێت پێداویستی سەرجەم کڕیاران و سەردانیکەرانی دابین بکات، ئەو خانووەی ئێمە تێیدا ماینەوە لەسەر شێوازی دیزاینی تورکی دروستکرابوو، کەهەر خانوویەک لەچەند ژوورێک پێکهاتووە و هەندێکیان لە دیوارەکانیاندا هاوشێوەی خانووە ئەوروپییەکان زۆپا و ئاگردانی تێدایە، هەندێک لە خانووەکان تەخت و جێگای تایبەتی بۆ حەوانەوەی میوان و ڕێبوارانی تێدایە، بنمیچەکان گومەزەیی بوون و دیواری ژوورەکان و بنمیچەکانیش بەهەمان شێوازی تورکی بە نەخش و نیگار ڕازێنرابوونەوە، چوخمەو تاقەکانی خانووەکان و میوانخانەکان بەزۆری لەسەر شێوازی تورکی دروستکراون، کە هەندێکیان جێگای شت وشکردنەوەیان تێدایە، ئەم چوخمانە بەشێکیان خڕی نیمچە بازنەی هاوشێوەی چوخمی ڕۆمانین، هەندێکیتریان شێوە بازنەی کراوەن وەک سەکسۆنی، یان کەوانەین و لە ناوەڕاستدا زیاتر فراوانبوون، لەگەڵ چوخمەکانی مزگەوتی ئیبراهیم خەلیل لە ئورفە

هاوشێوە بوون، بەوردبوونەوە لە شێوازی بونیاتنانیان بۆت ڕووندەبێتەوە ئەم شارۆچکەیە پابەندی یاسایەکی جێگیر نەبوون لە هونەری بیناسازیدا، زمانی دانیشتوان و ڕوخسار و خواردنیشیان زیاتر تورکییە، کە سەرەتا وەک گوندێکی گەورە وابووە، بەڵام دواتر بەهۆی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەرییەوە بۆ ناو کفری شارۆچکەکە گەورە بووە، کفری شارۆچکەیەکی دوورە دەستی ئیمپراتۆریەتی تورکییە، وەک وێستگەیەکی سەر سنوری وایە، کە کاروانچی و پۆستەچییەکانی بەغداد و ئەستەمبول تێدا کۆدەبوونەوە و لێرە ئاڵوگۆڕی نامە و پۆستەکانیان دەکەن، بۆیە گوند نشینە تورکەکانیش گرنگی بەم شوێنەدەدەن و لە هەموو لایەکەوە بۆ ئێرە دێن"(بکنغهام، ١٩٦٨: ٦٢-٦٣) ڕەنگە ئەم گەڕیدەیە زیاتر مامەڵە و بەریەککەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەکە، کە بەزۆری کارمەندی دەوڵەتی عوسمانی بوون و بەڕەگەز تورک بوون کردبێت، بۆیە ئەو بۆچونەی سەبارەت بەدانیشتوانی کفری لەلا گەڵاڵە بووە.

بەپێ گوزارەشتی (ڕیچ) کفری لەناوچەیەکی زۆرگی پێچاوپێچ هەڵکەوتووە وتەنانەت پەڕینەوە بەناو دۆڵەکەشیدا سەخت و ناخۆش بووە، بەگوتەی ڕیچ هەتا ئەو کاتە شوێنەواری چەند کەلاوەیەک لە (قەرەئۆغڵان) مابوویەوە، کاتێک بەهاوکاری خەڵکی کفری کنە و پشکنیان بۆ شوێنەواری کەلاوەکان کردووە و توانیویانە شوێنەواری چەند دیوارێک بدۆزنەوە، کە لە یەکێکیاندا پارچە مەڕمەڕێکی نەخشینیان دۆزیوەتەوە، بەگشتی دیوارەکان بەردین بوون و بەقسڵ سواخ درابوون، هەندێکیان نەخشی چڕیان لە سەر بووە هاو شێوەی گوڵی عەرەبی بووە و نەخشەکان ڕەنگیان زەق و ئاڵ بووە، هەروەها با سی پا شماوە و شوێنەواری چەند گردێکی کردووە بەتایبەتی لەبە شی خۆرهەڵات، لەوانە با سی چەند سواڵێتێکی ڕەشی کردووە، کە کرێکارەکان لەکاتی گەڕان بە دوای پارچە شوێنەوارییەکاندا دۆزیویانەتەوە و هاوشێوەی ئەوانەبووە لە (سلوقیە و بابل) دۆزرابوونەوە... بە بۆچونی ڕیچ بەگوێرەی ئەو شەربە و فەخفورییە داڕێژراوانەی بەردەستی کەوتوون مێژووی ئەو کەلاوانەی بۆ سەردەمی ساسانی گەڕاندوەتەوە، هەروەها باسی شوێنەواری خانووبەرەی سەر گردە شوێنەوارییەکانی کردووە، کە لە ڕووی بیناسازییەوە هاوشێوەی ئەوانەی قەسری شیرین بوون، حەوش کەڕوو و ژێرخانی چوار گۆشەییان هەبووە، کە لە زەوییەوە زۆربەرز نەبوون، درێژییەکەیان نزیکەی میلێک و پانییەکەیان نزیکەی چارەکە میلێک بووە، لەبەشی خۆرئاوای چەمی کفرییش شوێنەواری دیوار و خانووی سەخت هەبووە، کە بەهۆی ئاوی چەمەکەوە داڕوخابوو، بە پێچەوانەی بۆچونی خەڵکەکەی، کە پێیانوابووە ئەوە پاشماوەی بەستێکی ڕووخاو بووە، ڕیچ پێیوابووە شوێنەواری شارێک بووە (ڕیچ، ٢٠٠٢: ٤٢-٤٤). بە تاوتوێکردنی ئەم زانیاریانە بۆمان دەردەکەوێت کفری خاوەنی میراتێکی گەورەی شارستانییە و لەسەردەمە کۆنەکاندا ژیان و ئاوەدانی لەم شارەدا لەئاستێکی بەرزدا بووە، بەکارهێنانی قسڵ و نەخش و نیگار و ڕەنگی ئاڵ و زەق ئاماژەیەکی گرنگە بۆ جوانی سەلیقە و بەرزی ئاستی بیناسازی شارەکە لە ڕابردوودا.

یەکێکیتر لەو گەڕیدانەی کفری بینیووە (منشئ بەغدادیە)، بە گوتەی ناوبراو کفری ئاوهەوایەکی خۆشی هەیە، لەتەنیشت ڕیزە شاخێکەوە هەڵکەوتووە و ئاوێکی سازگار بەنێو شارەکەدا ڕۆشتووە، باخ و بێستان و سەوزەواتی فرەچەشنی تێدابووە، شارۆچکەکە زۆر گەورە نەبووە، نزیکەی (٢٠٠ماڵ)ی تێدا بووە، دانیشتوانی کفری بەزمانەکانی کوردی و تورکمانی قسەیان کردووە، زۆربەیان سونە مەزهەب بوون و بە شێکیشیان شیعەی عەلەوی بوون(البغدادي،

١٩٤٨ : ٥٣)، فرەیزەر یەکێکیترە لەو گەڕیدانەی سەردانی کفری کردووە، بە گوتەی ناوبراو کفری لەناو دەشتێکی ناوچەی زۆرگدا هەڵکەتووە، کە بە زنجیرە شــاخێکی نزم و ڕووتەن دەورە دراوە، بەدەوری شــارەکەدا شــورایەک هەبووە بۆ ســەردەمەکانی پێشــوو گەڕاوەتەوە، کفری شــارێکی جوان و دڵگیرە بووە و بەدەوری شــورای شــارەکەدا دارخورما بەرزبووەتەوە، بەهۆی ئەوەی یەکەمجاری بووە دارخورمای بینووە وای هەســتکرووە گەیشــتوونەتە عەرەبســتان، بەهۆی جیاوازی جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی خەڵکەکەوە زانیویەتی گەیشتووەتە سنوری عو سمانی، کاتێک بینیویەتی کارمەندان و خزمەتکارانی عوســمانی بەرامبەر کەمترین خزمەتگوزاری داوای بەخشــیشــیان کردووە، لێیان نیگەران بووە (فرەیزەر، ٢٠٢٠ : ١٢٧-١٢٨).

شــارۆچکەی کفری لەدوای نیوەی دووەمی ســەدەی نۆزدەهەمەوە بوژاندنەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، زیاتر سیمای شاری لێدەرکەوتووە، لەڕووی بینا سازییەوە شێوازی خانووبەرە با شتر درو ستکراوە بەجۆرێک پێکهاتەی خانووەکان تەنها قوڕ نەبووە، بەڵکو بەرد و گەچیشــی تێدا بەکارهێنراوە، کفری بەســەر چەند گەڕەکێکدا دابەشــبووە، بەگوێرەی هەڵکەوتەی شــوێنی گەڕەکەکانیش لەلایەن دانیشــتوانەکەیەوە ناوی جیاوازیان لێنراوە لەوانە: گەڕەکی (وەندای) لەبەرامبەر هەردوو مزگەوتی خانەقا هەتا ئاسنگەرەکانی گرتووەتەوە، گەڕەکی (دەدە) کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی قەیســەری، گەڕەکی (کرمانج ) لەمزگەوتی مەدرەســە هەتا مزگەوتی حاجی ڕەشــید بەن چەم هەتا ئاســنگەرەکانی دەگرتەوە، گەڕەکی(کۆیلی) ســنورەکەی قشــڵە وتە قاڵتی بووە، گەڕەکی (ئیســماعیل بەگ) ڕۆژئاوای قەیســەری، گەڕەکی(ســەیدەکان) لەباشــوری کفری، گەڕەکی (جولەکان) کەوتبووە خوارووی هەردوو گەڕەکی (دەد و ئیســماعیل بەگ)، گەڕەکی (عەجەم ) لە ڕۆژهەڵاتی کفری دروستبووە، بەگوێرەی ساڵنامەی عوسمانی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە (١٠٨٨خانوو) نزیکەی (٢٥٠٠ژن و پیاو) لەنێو کفریداژیاون، ژمارەیەک مزگەوت و دەزگا و فەرمانگەی میری لە شارەکەدا هەبووە لەوانە: (١ فەرمانگەی میری(حکومەت قوناغی)، ١قشــڵە(ســەربازگەی هەمایۆنی)، ٤ مزگەوت، ١تەکیە، ٢ قو تابخانەی ســەرە تایی (صــبیان مکتبی)، ١ قو تابخانەی ڕوشــدییەی موڵکی، ٦٧٥ دو کان، ٩ قاوە خانە، ٦دو کانی خومچێتی، ٢گەرماو(حەمام)، ٣٥ ئاش(ئا سیاو)، ١ پۆ ستە و گەیاندن (تەلەگراف) (مو صل ولایتی سالنامەء سی، ١٣١٢ه: ٣٢٠).

لە کفری کۆمەڵێک شــوێنەوار و شــێوازی بیناســازی کۆن ماوەتەوە، کە بۆ ســەدەکانی پێشــوو دەگەڕێتەوە و وەک بەڵگەیەکی حاشــاهەڵنەگر ڕەســەنایەتی شــارســتانیەتی کفری دەخاتەڕوو، لەوانە گردۆڵکە دەســتکردە وەک تەپۆڵکە (ئاســکی کفری، قەرەئۆغلان، تەپەعەلی، تەپە قەوی و ســەرقەڵا...، مێژووی هەندێکیان بۆ ســەردەمی پێش ئاینی زەردەشــت دەگەڕێتەوە، کە دانیشــتوانی کفری لەســەردەمە دێرینەکاندا بۆ نیشــتەجێبوون و بەرگری لەخۆکردن دژی پەلاماری دوژمنانیان دروســتیان کردووە. کارێزەکان بەشــێکیتر لە شــوێنەوارە مێژووی و شــارســتانییەکانی کفری پێکدەهێنن، کە کەخەڵکی کفری لەو شوێنانەی ئاوی ژێر زەوی زۆربووە بەمەبەستی سودوەرگرتن بۆ ئاودێری زەوییە کشتوکاڵییەکانیان چەندین کارێزیان درو ستکردووە لەوانە کارێزەکانی ( سەید خەلیل، موحسین ئاغا، بەلەگە، قنگربان و گوندی کارێز..هتد) (عبدلله، ٢٠١٢: ٢٨-٢٩).

خانووبەرەی كفری بە شێوازێكی سەرەنجڕاكێش و جوان دروستكراوە بەتایبەتی ئەو خانوانەی هاوشێوەی كۆشك بوون و لەنێو خەڵكی ناوچەكەدا بە شانشین ناسراون، كە خانوویەكی گەورەی دوو نهۆمی بووە و تایبەت بووە بە ماڵە دەوڵەمەند و دە سەڵاتدارەكان، لەلایەن ئەو وە ستایانەوە دروستكراوە، كە خان و كاروانسەراكانیان دروستكردووە، بۆ نمونە وەستا(سەید صەمەد) كەركوكی لەماوەی مانەوەی لە كفری ژمارەیەك لەو كۆشكانەی دروستكردووە، كە گەورەترینیان (ماڵی مەجید پاشا) و (محسن ئاغا)ە، هەتا ئێستاش ماونەتەوە. شێوازێكیتری هونەری بیناسازی كفری ژێرتاقەكانیەتی، كە بەشێكی گرنگی پاشماوە و شوێنەوارە كەلەپورییەكانی كفری پێكدەهێنن و مێژووی بونیاتنانیان بۆ سەردەمەكانی پێشوو دەگەڕێتەوە، ژێرتاق نمونەیەكی جوان و سەرنجڕاكێشی هونەری بیناسازییە، بریتییە لەدروستكردنی خانوو، كە بە شێوەیەكی كەوانەی بە شی سەرەوەی دوو كۆڵانی بەرامبەری بەیەكتری بەیەكگەیاندووە وەكو تاقێكی كەوانەی ژێر بۆش بووە، كەخەڵكی بە ئاسانی بەژێریدا هاتووچۆیان كردووە، چوار ژێر تاق لەكفری هەبووە، لەوانە: ١- (ژێرتاقی عبدالرحمن بەگی كوڕی مەجیدبەگی بابان) هەرچەندە تائێستا بەپێوەیە، بەڵام زۆر كۆن و خراپ بووە و خریكە دەڕوخێت.٢- ژێرتاقی دەروێش بەگ لەگەڕەكی ئاسنگەران هەتائێستاش ماوەتەوە. هەروەها دوو ژێر تاقیتریش هەبوون ، كە ڕووخاون و نە ماون لەوانە: ژێر تاقی (سەید محمد یان سەیكوڵ عەجەم) لەگەڕەكی عەجەمەكان بووە، ژێرتاقی بازاڕ، شوێنەكەی لەدەروازەی باشوری قەیسەری بووە لەنێوان هەردوو گەڕەكی (سەیدەكان و ئیسماعیل بەگ)، لەساڵی ١٩٥٤ ڕوخێنراوە(عزیز، ٢٠١٣: ١٣٤-١٣٦).

قشڵە یەكێكی دیكەیە لەو شوێنەوارە مێژووییانەی كفری لەساڵی(١٣٠٠ك/١٨٨٣ز) لەلایەن عوسمانییەكانەوە وەك سەربازگەیەك دروستكراوە، لە باڵەخانەیەكی گەورە، كە لە (٤٠) ژوور و داڵان و بەندیخانە و حەوشەیەكی فراوان و تەویلەیەكی وڵاخ پێكهاتبوو، دەوڵەتی عوسمانی تەنها لەڕووی سەربازییەوە سودی لەم شوێنە وەرگرتووە، لە ئێستادا ئەم باڵەخانە نەماوە، تەنهاشوێنەوارەكەی دیارە، بەڵام گەڕكێك بەناوی ئەمەوە ناونراوە گەڕەكی قشڵە((عبدلە، ٢٠١٢ : ٣١).

**باسی دووەم: ڕەوشی كۆمەڵایەتی و داب و نەریتە كەلتوریەكانی كفری**

**١- پێكهاتەی كۆمەڵایەتی كفری**

كۆمەڵگەی كوردی لە سەردەمی عوسمانییەكاندا كۆمەڵگەیەكی خێڵەكی بووە و بە شێوەیەكی گشتی هۆز پێكهاتەی سەرەكی كۆمەڵگە بووە و ژیان و كە سایەتی زۆربەی دانیشتوانی كورد ستان لەنێو چوارچێوەی هۆزدا بووە(هەروتی، ٢٠١٣: ٩١)، كفریش وەك ناوچەكانیتری باشوری كورد ستان كۆمەڵگەیەكی خێڵەكی بووە و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی كفری لە چەندین چین و توێژی پێكهاتبوو لەوانە: (دەرەبەگ و زەویدارەكان، جوتیار، بازرگان، پیشەوەران)، دەرەبەگ و زەویدارەكان(الاقطاع)، سەرۆك هۆز و دەرەبەگ و بنەماڵە دەسڕۆیشتووەكان دەگرێتەوە، ئەمانە بەگوێرەی قۆناغە مێژووییە جیاوازەكان بوون بە خاوەنی ڕووبەرێكی فراوان لەزەوی كشتوكاڵی بەتایبەتی لەسەردەمی (مەدحەت پاشای) والی بەغداد، كە بەهۆی جێبەجێكردنی (ڕژێمی تاپۆ)وە بەگزادەكانی جاف زەوی و زاری زۆریان لە ناوچەكانی گەرمیان و شارەزوور كڕیووە و بەشێكیان لەڕۆژهەڵاتی كفری نیشتەجێبوون. بنەماڵەی سەیدەكانی كفری، كە مێژووی

هـاتن و نیشـــتەجێبوونیـان لە کفری بۆ نیوەی دووەمی ســـەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە، ڕووبەرێکی فراوان لەزەوی کشـتوکاڵییەکانی خوارووی کفری بەتایبەتی لە (چەمی بەکرە شـــەل، قۆشـــەچاپان و بەلگە) خاوەندارێتیان بۆ ئەمان دەگەڕێتەوە. بنەماڵەی بابەنەکان، بەزۆری دەگەڕێنەوە ســـەر (مەجید پاشـــای کوڕی قادرپاشـــا)، کە لە دوای نەمانی میرنشینی بابان ڕووی لە کفری کردووە و تێدا نیشتەجێبووە، بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ سەرۆک هۆز و بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی شـــاردا پەیوەندی کۆمەڵایەتی پتەوی بەســـتووە، ناوبراو خاوەنی کۆشـــکێک و گەورەترین خان و باخێکی گەورە بەڕووبەری (٣٣دۆنم) بووە، هەروەها هۆزی (زەنگنە)، ئەم هۆزە لە باکوری کفری لە ناوچەی (قادرکەرەم و هەردی زەنگنە) نیشتەجێبوون، ئەندامانی ئەم هۆزە بەهۆی کەمی ڕووبەری زەوی بۆ کشتوکاڵ زیاتر بە ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، بەهۆی زیادبوونی ژمارەیشیانەوە بە شێکیان بۆ ناوچەکانی با شوری ڕۆژهەڵاتی کفری کۆچیان کردووە و لە گوندەکانی (دوانزدە ئیمام، زەرداو و شێخ لەنگەری خوروو) گیرساونەتەوە.(عەزیز، ٢٠١٥: ٧٤- ٩٨).

یەکێکیتر لەوهۆزانەی مێژوویەکی دێرینیان هەیە لەکفری (وەنداوییەکانە)، کە مێژووی هاتنیان بۆ ناوچەکە بۆ ساڵی ١٠٤٩کۆچی دەگەڕیتەوە، واباس لەم هۆزە کراوە لەبەرامبەر بە شداربونیان لە داگیرکردنی شاری بەغداد ناوچەی داودەی کورد ستانیان پێ بەخشراوە، هەرچەندە ڕەچەڵەک و زێدی وەنداوییەکان مشتومڕی زۆری لە سەرە و هەندێک پێیانوایە لە شاری وانی باکوری کورد ستانەوە هاتوون، بۆچونێکیتر دەیانگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەی وەندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، بەڵام زێدی ڕەســـەنیان قەڵای وەندییە و بەهۆی ئەو شـــەڕانەی ناوچەکەی گرتوەتەوە پەرشـــوبڵاوبوون و زۆربەیان لە کفری گیرســـاونەتەوە و نیشـــتەجێبوون (عزیز، ٢٠١٣: ١١٤). جگەلە هۆزو بنەماڵەکانی(زەنگنە، داودە، جاف، باجەڵان، دەلۆ، ...) چەند خێزانێکی کەمی عەرەبی لە ناوچەکە نیشـتەجێبوون. لەڕووی ئاینییەوە زۆربەی دانیشـتوانی کفری موســـڵمان بوون، بەڵام چەند ماڵە جولەکەشـــی تێدابووە، کە کەســـایەتی دیار و زیرەک و ڕۆشـــنبیریان تێدا هەڵکەوتووە لەوانە(صـــاڵح دانیال و حەســـقلی کوڕی)، (ئەلیاهووخدووری)، کە کەســـێکی بەخشـــندەو جوامێر بووە (عبدلله، ٢٠١٢ : ٣٧-٣٨).

**٢- نەریتە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی کفری**

هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆی خـاوەنی کۆمەڵێـک داب و نەریتی کەلتوری و کۆمەڵایەتییە، کە لە ئەنجـامی پێکەوەژیانی تاکەکان و بیروباوەڕ و ڕەفتار و هەڵسۆکەتیان پێکەوە دروستبووە و وەکو میرات نەوە دوای نەوە بۆیان مـاوەتەوە، کۆمەڵگەی کوردیش لەمڕووە خـاوەنی میراتێکی دەوڵەمەنـدە لە کەلەپور ی کوردانە و داب و نەریتی کەلتوری و بیروباوەڕی جیاواز، کە زادەی ژینگە جوگرافییەکەیەتی(محەمەد،٢٠٢٣: ٧٧). هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەهۆی هەبوونی میرنشـــینە کوردییەکـان و بەڕێوەبردنی نـاوچەکە لەلایەن دەســـەڵاتە خۆجێیە کوردییەکـانەوە دانیشتوانی باشوری کوردستان هەتا ڕادەیەکی باش پارێزگارییان لەداب و نەریت وکەلتوری کوردانەی خۆیان کردووە، وەک نەتەوەیەکی ســـەربەخۆ و خاوەن قەوارەی تایبەت ماونەتەوە و لەهەر جۆرە کارتێکردنێکی کەلتوری عوســـمانی، کە کاریگەری بۆ سەر ڕەسەنایەتیان هەبێت پارێزراو بوون (هەروتی، ٢٠١٣: ١١٧).

یەکێک لەو نەریتانەی بەگشتی کوردی پێدەناسرێتەوە و زۆربەی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکان باسیان کردووە میواندۆستییە، کوردنا سێک لەمبارەیەوە وتویەتی " کورد لەکاتی میوانداریدا زۆربەخشندەن و دوای یەک هەفتە نان پێدان و خزمەتکردن ئینجا خانەخوێ پرسیار لە میوانەکەی دەکات بۆچی هاتووە...، هاوکاری ڕێبوار و لێقەوماوان دەکەن، لە دیوەخانی ئاغاکاندا، کە هەموو هۆکارەکانی پشوودان و حەوانەوەی تێدایە پێشوازی لە میوان دەکرێت" ( شیفلي، ٢٠١٩ : ٥٨-٥٩). میواندۆستی لای کورد تەنها دابینکردنی خواردن و خواردنەوە و جێگای مانەوە نەبووە، بەڵکو پاراستنی سەلامەتی گیانی میوانیان بەئەرکی سەرشانی خۆیان زانیووە، بۆیە بە شێکی زۆر لەو گەڕیدە و گەشتیارە بێگانانەی کە میوانداری کوردیان بینیووە وەک باشترین میواندۆست لە ڕۆژهەڵات ناویانبردووە (Muhammad, 2017:p165).

کۆمەڵگەی کوردی خاوەن چەندین بیر و باوەڕی کەلتوری و داب و نەریت و یاری کوردەوارییانە، کە لە زۆربەی ناوچەکاندا ئەگەر بەتەواویش وەکویەک نەبن ئەوا زۆر لەیەکترەوە نزیکن لەوانە(زەماوەند، ژن بەژن،شیربای، شەونشینی و شەوچەرە، کڵاوێن، زۆرانبازی، شەڕەکەو، شەڕەکەڵەشێر، شەڕەبەران، جەژن ونەریتەکانی، پرسە، سەرخۆشی، چەمەری، عەڵەم وکۆتەڵ، بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتانە بڕوانە:(سەججادی، ٢٠٢٠)، کفری خاوەن نەریتی کەلتوری تایبەت بەخۆیەتی لەبابەتی ئەگلەنجە (ژنهێنان)، کۆتەڵ و چەمەرانە (پرسە و شیوەن)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عبدلله، ٢٠١٢: ٢٠٥-٢٠٧).

بەهۆی هەبوونی چایخانە و قاوەخانەکان و کۆبوونەوەی خەڵکی لەدەوری یەکتر بۆ حەوانەوە و کات بەسەربردن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستبووە و بیروڕایان ئاڵوگۆڕکردووە و بەرهەمەکانی خۆیان بە یەکتر ناساندووە، بۆ نمونە کۆبوونەوەی مقام بێژەکان لەنێو چایخانەکان، کە زۆربەی کات خۆیان خاونی چایخانەکان بوون یارمەتیدەر بووە بەرهەمەکانیان بەگوێی خوازیاران و گوێگرانیان بگات و لەلایەکیتریشەوە هاوکاریان بووە لە فێربوونی جۆرە جیاوازەکانی مقامی ناوچەکانیتر وەک مقامەکانی(لاوکی بادینان، حەیرانی دەشتی هەولێر، سەفەری سلێمانی، قەتار و ئەڵاویسی، خاوکەر، خورشیدی و ئای ئایی ناوچەی گەرمیان) لە کفری چەندین مقامبێژی بەتوانا هەبووون لەوانە: (مەلاعبدالرحمن کوڕی مەلا ڕەحیم، کە نازناوی مەلا وەلی (١١٦٥ک-١٢٤٦ک) هەبووە و بە باوکی مقامبێژەکانی عێراق ناوی دەرکردبوو، (ڕەحمەت الله کوڕی سوڵتان ئاغای کوڕی خەلیل ئاغا، کە بە ڕەحمەت الله شەڵتاغ (١٧٩٣-١٨٧١)) بەناوبانگبووە و خوێندنکاری مەلا وەلی بووە، ئەم دوو مقامبێژەی کفری وەک قوتابخانەیەک بوون دەیان مقامبێژی گەورەی عێراقی لەمانەوە فێری مقامبێژی بوون و هەمان ڕێبازی ئەمانیان پێڕەوکردووە لەوانە(ئەحمەد زیدان، خەلیل ڕیاز، مەلاعوسمان موسڵی ، ئەمین ئاغا، ئیسرائیلی کوڕی ساسۆن...) عبدلله، ٢٠١٢: ١٥٩-١٦٠).

لەلایەکیترەوە لەبەرئەوەی کفری سەرە ڕێگای تێپەڕبوونی کاروان و قافڵە بازرگانییەکان بووە، بۆیە لەنێو خان و کاروانسەراکاندا قاوەخانە و چایخانە دروستکراوە، کە خاوەنی چەندین تایبەتمەندی جوان سەرەنجڕاکێش بوون، بۆنمونە حەکایەتخوان هەبووە، شەوان حەکایەت و سەربوردەی وەک چیرۆکی (ڕۆستەمی زاڵ و شانامەی فیردۆس)یان بۆ خەڵکی خوێندووەتەوە، یان لەشەوانی ڕەمەزاندا یاری(سینی و زەرف)یان کردووە و بە ئاهەنگ

گێڕان و دەهۆڵ لێدان و زورناژەنین و گۆرانی گوتن پاڵپشتی یارییەکەیان کردووە، کە ئەمجۆرە یارییە هەتا ئێستاش لەهەندێک شوێن ئانجامدەدرێت، هەروەها یاری (شەڕە کەڵەشێر) نەرێتێکی تری چایخانەکانی کفرییە، کە چێژی تایبەتی بە سەیرکەرانی بەخشیووە، کاتێک کاروانچی و میوان و گەشتیار و ڕێبواران لەنێو چایخانە و قاوەخانەی کاروانسەراکان ماونەتەوە بە نەریت و کەلتوری ناوچەکە سەرسامبوون و لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە تێکەڵاو بوون، بەمەش ئاڵوگۆڕی کەلتوری دروستبووە و بووە بەهۆی ناساندن و دەوڵەمەندبوونی نەریتە کەلتوورییەکانی کفری (عبدلله، ٢٠١٢: ٢٠٢-٢٠٣).

**٣- ڕەوشی خوێندن و خوێندەواری لە کفری**

ڕەوشی خوێندەواری کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی لەسەدەی نۆزدەدا لەئاستێکی نالەبار و نزمدا بووە، بەهۆی ناجێگیری و خراپی ڕەوشی سیاسی و دواکەوتوویی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەمی ژمارەی ناوەندەکانی فێربوون و خوێندن خوێندەواری کەم و سنوردار بووە بەر لە دروستبوونی خوێندنی میری و کردنەوەی قوتابخانە و ڕوشدییەکانی مەدەنی و سەربازی، دەزگا و دامەزراوە ئاینییەکانی (مزگەوت، تەکیە و خانەقاکان) تاکە ناوەندی فێربوونی خوێندەواری و سەرچاوەی ڕۆشنبیربوون (محەمەد، ٢٠٢٣: ١٠٨). لەکفریش ژمارەیەک مزگەوت لە پێگەیاندنی دانیشتوانی شارۆچکەکە و ناوچەکانیتری دەوروبەری ئەم ڕۆڵە گرنگەیان بینیووە، لەوانە (مزگەوتی مەدرسە)، کە لە سەر فەرمان و داخوازی (کاکە ئەحمدی شێخ) دروستکراوە، کەلەکاتی ئەنجامدانی گەشتی حەجدا بە کفریدا تێپەڕ بووە و داوای دروستکردنی مزگەوت و مەدرەسەیەکی ئاینیی لەنێو مزگەوتەکەدا کردووە، هەریەکە لە (مەلا ئەحمەد قەرەداغی و سەید ئەحمەد) وەک مەلا و پێشنوێژ تێدا خزمەتیان کردووە، ئەم مزگەوتە وەک مزگەوتی قادریەکان ناسراوە و پێشوتراوە مزگەوتی کرمانج (عبدلله، ٢٠١٢ : ١١٤).

مزگەوتی خانەقا(مزگەوتی مەنارەنەخشین) لە سەر داوای (شێخ ضیاءالدین، شێخ عومەری کوڕی شێخ عوسمانی نەقشبەندی) لە ساڵی (١٣٠٧ک/١٨٨٩ز) دروستکراوە، (مەلا ئەحمەد) یەکەم مەلای مزگەوتی خانەقا بووە، ناوبراو مورید و مەنسوبی باوەڕپێکراوی جەنابی شێخ بووە، بۆماوەیەکیش (شێخ نظام الدین کوڕی شێخ ضیاء الدین) لە کفری ماوەتەوەو لەگەڵ کچێکی (مەلا ئیسماعیل) هاوسەرگیری کردووە، بەمەش پەیوەندی نێوان شێخانی نەقشبەندی و دانیشتوانی کفری بەهێزتر بووە، لەم مزگەتانەدا دەیان فەقێ و سوختەچی خوێندوویانەو پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان بەرزبوەتەوە و پۆستی کارگێڕییان وەرگرتووە (نەریمان، ٢٠٠٧: ٤٧). هەروەها لەسەر داوای سوڵتانی عوسمانی (مزگەوتی گەورە)، کە بە (مزگەوتی حەنەفییەکان) ناسراوە، لەساڵی (١٣١٢ک/ ١٨٩٤ز) لەسەر ڕووبەری (١٤٠٠م$^{2}$ ) دروستکراوە، مزگەوتەکە سێ گومەزی هەبووە (برادۆستی و ئەحمەد، ٢٠١٧: ٧١)، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا هەریەکە لە(مەلا ئیسماعیل محمود، مەلا مستەفا، مەلا محمد سەعید ئەفەندی) وەک موفتی خزمەتیان کردووە، ئەم مزگەوتە لە پێگەیاندنی دەیان مامۆستا و مەلا و زانادا گەورەترین خزمەتی پێشکەشکردووە. بێجگە لەو سێ مزگەوتە چەند مزگەوتێکی تری وەک ( سەیدەکان، حاجی ڕەشید، حاجی فتاح و کۆسە...هتد) لەکفریدا هەبوون، کە بەراورد بەوانیتر ڕۆڵیان کەمتربووە، لەنێو مامۆستا ئاینییەکاندا (مەلا محمد سەعید ئەفەندی موفتی سیوەیلی وەک ئەستێرەی

دروشاوەی کفری ناویهاتووە، کە بە حیکمەت و لۆژیکزانی و شارەزای بواری فەلسەفە ڕەوانبێژ و ڕەوشتبەرز و سەنگین ناوی دەرکردبوو، ناوبراو خزمەتێکی بێوێنەوی بە بواری خوێندەواری و ڕۆشـــنبیری کفری و دەوروبەری گەیاندووە و چەندین فەقییە و خوێندکاری پێگەیاندووە و توانیویانە پلە و پایەی بەرزی زانســتی و ئاینیی و ڕۆشــنبیری بەدەستبهێنن، (مەلا جاسمی جەبارە، مەلا عەزیز پاڵانی، مەلا علی جەلەولا، مەلا ڕەفیعی زەند، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، مەلا سـەعید جاف، مەلا عەلی جاف، شـێخ عبدالرحمانی ئیمامی قنگربان....هتد) لەسـەر دەسـتی مەلا محمد سـەعید ئەفەندی خوێندنیان تەواو کردووە (عبدلله، ٢٠١٢ : ١١٤-١١٧).

لەنێو هەندێـک لە مزگەوتەکـانـدا قوتـابخـانەی ئـاینی هەبووە بۆ نمونەی قوتـابخـانەی مەلا یوســف لە گەڕەکی حکومەت، کە مەلا یوســف خۆی دایمەزراندووە و (١٥ فێرخوازی) هەبووە، قوتابخانەی ئیبراهیم ئاغا (٥ فێرخوازی) تێدا بووە(کەریم، ٢٠١٩ : ٢٢). لەدوای کردنەوەی قوتابخانە حکومییەکان لەهەردوو ویلایەتی بەغداد و موســڵ لە کفریش (صـلاحیە مکتب رشـدیسـی) واتە ڕوشـدییەی کفری کراوەتەوە، کە بەگوێرەی سـاڵنامەی معارف لەسـاڵی ١٨٩٩ ژمارەی خوێندکارەکانی تەنها (٣٠ خوێندکار) بوون، (محمد ڕەفعەت ئەفەندی) بەڕێوەبەر بووە، (مســتەفا ئەفەندی) مامۆستای خەتخۆشی بووە(سالنامة نظارات معارف العمومیة، ١٣١٧ھ : ١٤٠٤)

لەڕووی تەندرو ستییەوە هیچ زانیاریەک لەبەردە ستدا نییە پـشتڕا ستی ئەوە بکاتەوە، کە لە سەدەی نۆزدەدا لەنێو شــاری کفری نەخۆشــخـانەی فەرمی هەبووبێـت، بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنـامەکـانی دەوڵەتی عوســمـانی لەکـاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کوشندەکانی وەکو تاعون و کۆلێرا، بۆرپگریکردن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری نەخۆشییەکان لە کفری کەرەنتینە دانراوە و ڕێگری لەهـاتووچۆی نەخۆشــەکـان کراوە، بۆنمونە بۆرپگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشــییەی ســاڵی ١٨٧٦ بەغدادی گرتبوویەوە داواکراوە لەکفری خێمە دابنرێت و ئەو ڕێبوارانەی لەبەغدادەوە گەشتیان کردووە لەو خێمەیەدا کەرنتینە دەکران، کەبەهۆی بەرزی پلەکانی گەرماوە سکاڵا کراوە خێمەکان هەڵبگیرێن و لەبری ئەوە لەدەرەوەی کفری خانێک بەکرێ بگیرێت و بکرێت بەخانی پاراســتن (کفری(ســەڵاحیە) لەبەڵگەنامەکانی عوسـمانیدا، ٢٠٢٢ :٥٣). کاتێک لەسـاڵی ١٨٨٩ کۆلێرا لە شـاری بەغداد بڵاوبووەتەوە و بەرەو شـاری مەندەلی تەشـەنەی کردووە، وەزارەتی ناوخۆی عوســمانی لە ١٨٨٩/٨/٣١ پێشــنیاری کردنەوەی کەرەنیتنەی لە کفری کردووە و بەتەلەگراف وەزارەتی تەندروســتی عوســمانی ئاگادار کردووە(گەڵاڵی، شــوباتی ٢٠٢٣: ٣٢). هەتا کۆتایی ســەدەی نۆزدە هیچ نەخۆشخانە و فەرمانگەیەکی تەندروستی تایبەت بە شاری کفری نەکراوەتەوە.

**باسی سێیەم : ڕەوشی ئابووری کفری لە سەدەی نۆزدەدا**

**١- کشتوکاڵ**

شادەماری ئابووری کورد ستان بەگـشتی لە سەردەمی عو سمانییەکاندا کـشتوکاڵی بووە، هەرچەندە کـشتوکاڵ وەک پیشـە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان بۆ مێژوویەکی زۆر دوور دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی بوونی سـەرچاوە جیاوازەکانی ئاو وەک : بەفر و باران و تەرزە، ئاوی چەم و کانیاو کارێزەکان، ئاوی جۆگە و ڕووبار و بوونی زەوی بەپیت و بەرەکەت و ئاوهەوای گونجاو لەبار لەزۆربەی سـەردەمە مێژووییەکاندا کشـتوکاڵ پیشـەی سـەرەکی دانیشـتوان بووە (محەمەد،



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٢٠٢٣: ١٤٧). یەکێک لە ناوچە بەپیتەکانی کفری دەشتی کفرییە، کە درێژکراوەی دەشتی زەنگابادە بەهۆی جۆگە ئاودێرییەکانی هەردوو چەمی کفری و سەرقەڵاوە ئاودەدران و هەر ئەمەش وایکردووە سەدان دۆنم زەوی لەپشتئاوەوە کراوە بە بەراو، تەنانەت لە دروستکردنی شاری زەنگاباد لە دەشتەکانی کەناری ڕووباری سیروان و دروستبوونی شاری کفری لە شوێنە کۆنەکەی(ئێسکی کفری) لەو شوێنەی ئێستای کفریش، بوونی سەرچاوە جیاوازەکانی ئاو و خاکی فراوان و بەپیت هۆکارێکی بنەڕەتی بوون(عزیز، ٢٠١٣: ٨٤). کفری خاوەنی ڕووبەرێکی فراوان لەزەوی و زاری بەپیت و بەرەکەتە، کە هەر لەدێرزەمانەوە خەڵکی ناوچەکە بۆ کشتوکاڵ کردن سودیان لێ بینیووە، لەدوای کردنەوەی نوسینگەی تاپۆش، بەشێکی زۆری زەوی و زاری کفری لەلایەن دەرەبەگەکانەوە، وەک محمود پاشای جاف و براکانی زەوی کەرتەکانی کۆکس و سەرقەڵای لە قەزای کفری کڕراوە، سەیدەکانی تلیشانیش زەوی هەردوو دۆڵی قۆشەچاپان و بەکرەشەل و تلیشانی دەوروبەری کفریان خستوەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، هەروەها بابانیەکانیش بەشێک لە زەوییەکانی ناو شاری کفریان بۆ خۆیان هەڵگرتوەتەوە(عەزیز، ٢٠١٥: ٧٤- ٩٨).

کشتوکاڵ سەرەکیترین پیشەی باوبووە، کە بژێوی ژیانی دانیشتوانی لەسەر بەندبووە، لەسەر ئەم بنەمایە بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش دەبوون، لەوانە بەربوومی زستانە، کە پشتیان بەئاوی باران بەستووە و زیاتر لە دانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ و گەنمە شامی و نیسک پێکهاتبوون، جۆری دووەم بەربوومی هاوینە، کە پێویستیان بە ئاودان و ئاودێری بووە، بە ئاوی ڕوو بار و چەم و کانیاو کارێز ئاودراون وەکو برنج و توتن و سەوزەواتە جیاوازەکان، جۆری سێیەم باخ و بێستانەکان بوون، کەلە درەختی بەرداری وەکو (قۆخ، قەیسی، هەرمێ، هەنار، بەهێ....)پێکهاتبوون، کشتوکاڵکردن بەگشتی پشتی بەئامێری زۆر سادە بەستووە لەوانە: سودیان لەئاژەڵ وەرگرتووە بۆ کێڵانی زەوی و گواستنەوەی بەربووەمەکانیان لە شوێنی بەرهەمهێنانیەوە بۆ شوێنی بەکارهێنانی لە گوند و شارۆچکە و شارەکان، بۆ دروێنە و شەنکردن داس و شەنی لە ئاسن و دار دروستکراویان بەکارهێناوە(الوائلي، ٢٠١٣: ٦٨-٦٩)

گرنگترین بەربوومە کشتوکاڵیەکانی کفری لە (گەنم، جۆ، گەنمە شامی، کونجی، پەموو، پاقلە و لۆبیا)، بەربوومە سەوزەمەنییەکانی وەکو (خەیار و کاڵەک و شوتی)، میوە و مزرەمەنییەکانی وەکو(پرتەقاڵ و لیمۆ ونەفتال، ترێ، هەڵوژە نارنج و کەباد..) پێکهاتبوو، کە زیاتر لە (٣٥٠دۆنم) باخی تێکەڵی لە درەختی مزرەمەنی و خورما تێدا بووە و جۆرە جیاوازەکانی وەک خورمای (زەهدی، خەستاوی و جۆزی..هتد) بەرهەمهێناوە (عزیز، ٢٠١٣: ٩٠). کفری بەباخ و بێستانی زۆر دەورەدرابوو، بەجۆرێک لەبەر چڕی دار و درەخت خانووەکانیان بەئەستەم دەبینران، ڕووبەری باخە گەورەکان (١٥-٢٠دۆنم) بووە، بچوکەکانیش (٥-١٠دۆنم) بووە، باخەکان بەزۆری درەختی بەرداربوون و لەسێبەری دارەکاندا سەوزە و دالێ دەچێنرا، نزیکەی (١٠٠کەس) ژیانیان لەسەر باخەوانی بووە، هەروەها ئاش(ئاسیاوە) بەڵگەیەکیترە گرنگی کشتوکاڵ لەدابینکردنی ژیانی دانیشتوانی کفری نیشاندەدات، کە ژمارەیان(١٨ئاش) بووە، تەنها ئاشی جولەکەکان لەنێوشاردا بووە ئەوانیتر لەدەوروبەری شاردابوون، لەهەر ئاشێکدا (٣کەس) بەنۆرە کاریان کردووە، ڕۆژانە نزیکەی (٢٠ وەزنە) گەنمیان هاڕیوە(نەریمان، ٢٠٠٧: ٤٥).

**٢- بازرگانی و بازاڕ و کاروانسەراکان**

لەنیوەی دووەمی ســەدەی نۆزدەهەمەوە کفری بوژاندنەوەیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینیووە بەتایبەتی لەبوارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانییدا، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی دانیشتوان و بوژاندنەوەی ئابووری و پێشکەوتنی کفری لەڕووی بیناسـازییەوە وەک دروسـتکردنی خانوو، شـانشـین و مزگەوت و بازاڕ و قوتابخانە و گەرماو، کە لەگەڵ شـێوازی تازەی ئەو سـەردەمەدا گونجاوبووە بەجێهێشـتووە، بازاڕی قەیسـەری نمونەی دیاری ئەو پێشـکەوتنەبووە (عزیز، ٢٠١٣: ٩٠) ئەم بازارە دەکەوێتە ناوەڕاستی کفری لەنزیک مزگەوتی گەورەی دروستکراوە، مێژووەکەی بۆ ساڵانی (١٨٢٠-١٨٥٠) دەگەڕێتەوە بە شـێوازێکی بیناسـازی جوان و سـەرنجڕاکێش دروسـتکراوە و لە (١٥٠دوکان) پێکهاتووە، سـەرچاوەیەکیتر مێژووی دروسـتکردنی قەیسـەرییەکە بۆ سـاڵی (١٨٥٠) دەگێڕێتەوە، کە (٢٠٠ دوکان)ی تێدابووە، هەندێکیتر بۆ سەردەمی ویلایەتی (مەدحەت پاشا) والی بەغداد دەیگەڕێننەوە(برادۆستی و ئەحمەد، ٢٠١٧: ١٠-١١).

بازاڕی قەیسـەری لەلایەن وەسـتایەکی کەرکوکی بەناوی (سـەید صمد) دروسـتکراوە و بە چەندین گومەزی گەورە سـەریگیراوە، لەکۆتاییەکانی سـەدەی نۆزدەشـدا (وەسـتا محاو) گەورەترین گومەزی قەیسـەرییەکەی، کە دەکەوێتە دەروازەکەی لەتەنیشـت خـانی خوێکە تەواو کردووە، هەر لەنێو بـازاڕەکەدا کـاروانسـەرا و خـان و قـاوەخـانە و خواردنگەشـی لێبووە، بۆ حەوانەوە و مانەوەی کاروانچی و بازرگانەکان سـودی لێوەرگیراوە (عبدلله، ٢٠١٢ : ٣٠-٣١). بازاڕی قەیسـەری لەچواربەش پێکهاتبوو، بەشـی سـەرەکی (١٠٥) دوکان بووە، قەیسـەری بەرگدرووەکان (٢٢ دوکان)، لەدەروازەی باکور بەرامبەر ئا سنگەرەکان قەیسەری دارتا شەکان (١٦دوکان) و بە شی قەیسەری کوردەکان (٢٥دوکان) کۆی دوکانەکانی قەسـەری (١٦٨دوکان ) بووە، جگە لە دوکانەکانی قەیسـەری لەدەروازەی باشـوری قەیسـەرییەوە بازاڕێک هەبووە لە(٣٨دوکا) پێکهاتبوو(عزیز، ٢٠١٣: ٩٠).

لەڕووی بازرگانییەوە کفری سـەرەڕێگای تێپەڕبوونی کاروانە بازرگانییەکانی (کەرکوک – بەغداد) و (سـلێمانی-بەغداد) بووە (ج.ە.کرامرز (تۆمابوا)، ٢٠١٣: ١٣٢)، کە لەسـەردەمی میرنشـینی باباندا لەڕووی سـیاسـی و بازرگانییەوە ناوچەیەکی بە بایەخ و گرنگبووە و بە شیکی زۆری کاروانە بازرگانییەکانی دەڤەری سلێمانی لە کاروانسەرای ئیبراهیم خانچی لە کفری کۆدەبوونەوە و لەوێوە بۆ بە غداد بەڕێدەکران (شـیفلي، ٢٠١٩ : ٤٥).لەهە مانکا تدا کفری شـوێنی بەیەکگەیشـتنی کاروانە بازرگانییەکانی نێوان (بەغداد- ئەسـتەمبوڵ ) بووە (ڕیچ، ٢٠٠٢: ٥٠-٥٤). بەگوتەی(مسـتەفا نەریمان)، هەر کاروانێکی بازرگانی، کە بارەکەیان لە کوتاڵ و خواردەمەنی وشـکراوە و پێسـتە و توتن و خورما پێکهاتبوو لە باکورەوە بۆ باشـور و بە پێچەوانەشـەوە هاتووچۆیان کردبێت بەکفریدا تێدەپەڕین و شـەوێک لێی دەمانەوە، کاروانەکان جیاواز بوون هەبووە (١٠٠ وڵاغ) باریان پێبووە، هەشـبووە(٥٠وڵاغ) بووە، قەتارچی هەبووە وڵاغی تەواوی کاروانەکە هی خۆی بووە و یاساوڵ و خزمەتکارەکانیش کرێگرتەی ئەو بوون، قەتارچی باج و سەرانەی بەو خانچی و سـەرۆک هۆزانە دەدا، کە کاروانەکەی پێداتێدەپەڕی(نەریمان، ٢٠٠٧: ٤٤). ئەم هەڵکەوتە جوگرافییەی کفری، کە کەوتبووە سەر شا ڕێگای بازرگانیەکان و ڕێگای (قەوقاس – بەسرە) کاریگەری لەسەر جموجۆڵی بازرگانی لە

ناوچەكە كردووە و بووە بەهۆی ئەوەی خەڵكی كفری لەسەردەمانێكی زووەوە خان و كاروانسەرا دروست بكەن(عبدلله، ٢٠١٢ : ١٨).

خان یان كاروانسەرا، بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوەكان وشەی خان لەبنەڕەتدا فارسیە، یان لەوشەی (خون)ی توركی، كە بەواتای سوڵتان دێت وەرگیراوە، بۆچونێكیتر پێیوایە لەوشەی (حانوتی) ئارامی یان لەوشەی(حنە)ی عەرەبی، كە واتای (خێمە، نزل، حل) دەگەیەنێت وەرگیراوە، هەروەها وشەی خان هاوواتای وشەی قەیروان سەرا یان كارڤان سەرای توركییە، كە هاوشێوەی میونخانە و ئۆتێل بووە(فارقي و آخرون، ٢٠٠٧: ٤٢٠) دەزگایەكی تایبەت و دێرینی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتە، كە شانبەشانی مزگەوت و قوتابخانە ئاینییەكان لەخزمەتكردنی ژیانی گشتیدا ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە(میولەر، ٢٠٠٢: ١٦).

خان لەڕووی بیناسازییەوە بەگشتی لە حەسارێكی گەورەی دوونهۆمی پێكهاتبوو، نهۆمی خوارەوە وەك تەویلەی ئاژەڵ بۆ پشوودان و مانەوە و پێدانی ئالیكی ئاژەڵان سودی لێوەرگیراوە، لەهەندێك خاندا شوێنی داگرتنی بار و گەنجینەی عەمباركردنی دانەوێڵەش هەر لەنهۆمی خوارەوەدا هەبووە، نهۆمی سەرەوەش زیاتر وەك میوانخانە بۆ ئەو كاروانچی و بازرگان و گەشتیار و ڕێبوارانەی بەمەبەستی پشوودان و شەومانەوە لەكاتی فرۆشتنی كاڵا و كەلوپەلەكانیان، یان گەشت كردن و جێبەجێكردنی پێداویستییە خێزانییەكانیان ڕوویان لەم شوێنانە كردووە سودی لێوەرگیراوە (بێخاڵی، ٢٠١١: ١٨٦). لە كفری ژمارەیەك خان و كاروانسەرا هەبووە لەوانە: (خانی مەجید پاشا، كە گەورەترینیان بووە، خانی ئەوڕەحمانی بەگی بابان، خانی خەڵوزەكە، خانی سەید موحسین ئاغا، خانی سەید عومەرخان، خانی سلێمان ئاغا، خانی حاجی ڕەشید، حاجی كازم) (نەریمان، ٢٠٠٧: ٥٧).

**٣- پیشەو پیشەگەری**

پیشە و پیشەگەری بەیەكێك لە سیما دیارەكانی ژیانی شارستانی دادەنرێت و بەشێك لە بژێوی ژیانی دانیشتوان دابیندەكات، (گۆزەچێتی) یەكێكە لەو پیشەی هەر كۆنانەی خەڵكی ناوچەكە كاریان لەسەركردووە، هۆكاری ئەمەش بۆ بوونی گڵ و خۆڵی باش، كە كەرەستەی خاوی دروستكردنی گۆزەیە دەگەڕێتەوە. (قایەچێتی)، واتە شكاندن و داتاشینی بەرد بۆ شێواز و قەبارەی پێویست لە بەكارهێناندا بۆ دروستكردنی خانووبەرە، هەروەها دروستكردنی قسڵ لەبەردی چەمەكان و گەچ وەك دوو كەرەستەی گرنگی بواری بیناسازی، هۆكاری دەركەوتنی ئەم پیشەیە بۆ بوونی كانە گەچییەكان لە كفری و دوزخورماتوو دەگەڕێتەوە، شوێنەواری ئەم پیشەیە لە(قەرەئۆغڵان، كۆشكی زەنگاباد، قەڵای خورماتوو) دەركەوتووە، كە بۆ سەردەمی مێژوویی جیاواز دەگەڕێنەوە(عزیز، ٢٠٠٢: ١٢٤-١٢٥). (بەرگدرووی) یەكێترە لە كۆنترین پیشەكانی كفری، بێجگە لە دانیشتوانی كفری خەڵكی لەگوندەكانی دەوروبەر و ناوچەكانیترەوە بۆ دوورینی جلوبەرگەكانیان سەردان خەیاتەكانی كفریان كردووە، لەوانە (وەستا صاڵح) كە كۆنترین خەیات بووە و چەندین وەستایتری فێری خەیاتی كردووە، بە شێوەیەكی گشتی پۆشاكی ناوچەكە لە (كەواو سەڵتە، كەواو چاكەت، چاكەت و پانتۆڵ) پێكهاتبوو (برادۆستی و ئەحمەد، ٢٠١٧: ٦٦).

ئا سنگەریش لە پیشە گرنگەكانە، كە پیشەوەرانی كفری بۆ درو ستكردنی ئامێرە كشتوكاڵییەكانی وەك: (گا سن بۆ كێڵانی زەوی، پاچ و خاكەناز بۆ ئاودێری، داس بۆ دروێنە، جەنجاڕ بۆ كوتانی دانەوێڵە....) لەم سـەردەمانەی دوایشـدا كەرەستەی خانووبەرەی وەكو دەرگا و پەنجەرە لەلایەن ئاسنگەرەكانەوە دروستكراوە. هەروەها شانبەشانی ئاسنگەری دارتاشـی لە پیشـە گرنگ و دێرینەكانە، كە بەشـێک لە ئامێر و كەرەسـتە كشـتوكاڵییەكان لەدار دروسـتدەكران لەوانە: (گاسـنی دار، شـەن، دەسـكی داس و خاكەناز، دەرگا و پەنجەرەی دار، بێشـكە و دۆڵاب، كەرەسـتەی ناوماڵ و خانووبەرە...)، لەبەشـی سـەرەوەی بازاڕی قەیسـەری دارتاشـەكان گوزەری تایبەت بەخۆیان هەبووە و هەر بەناوی ئەوانیشەوە ناسراوە، هەروەها چەندین پیشەیتریش هەبووە، كە سەرچاوەی داهاتی بەشێكی پیشەوەران بووە، وەكو (خومچی)، كە بەن و خوریان ڕەنگكردووە و لە پیشە سازی ڕستن و چنیندا سودیان لێوەرگرتووە، شوێنی كاركردنیان نزیک بازاڕی ئاسـنگەرەكان بووە و لە ناودارترین خومچییەكانی كفری (حەمە حەبیب و قادری خومچی) بووە. دەباغچی (پێستە خۆشكردن)، چەخماخچی (دروستكردنی چەک)، سابونچی و پێڵاوساز...) لەو پیشانەن دوكان و گوزەریان هەبووە و بژێوی ژیانی بەشـێكی دانیشـتوانی كفریان دابینكردووە(عزیز، ٢٠٠٢: ١٢٥-١٢٧). هەروەها لەنێو بازاڕی قەیسـەری بێجگە لەژمارەیەک دوكانی بازرگانی و وردەواڵەفرۆش ژمارەیەک دوكانی وەک (هەلاج، سـەراج، مزگەر، پاڵاندروو، چێشتخانە، قاوەخانە، ناڵبەند، جۆڵا، حەمامچی)هەبووە، لەكفری دوو(حەمام) و ژمارەیەک ئاسیاو، كەلەلایەن ئاشەوانەوە بەڕێوەبراوە هەبووە(نەریمان، ٢٠٠٧: ٤٤)

**ئەنجام**

١- كفری لەكاتی دروستبوونیەوە هەتا ئێستا سێ جار جێگۆڕكی كردووە، كە ڕەنگە لەیەک سەردەمدا لەدوو جێگای جیاواز ئاوەدان بووبێت.

٢- دروسـتبوونی شـارۆچكەی كفری بۆ سـەردەمە مێژووییە دوورەكان دەگەڕێتەوە، بەڵام مێژووی سـەرهەڵدانی بەتەواوی یەكلای نەبووەتەوە، كەی و لەلایەن كێیەوە دروستكراوە.

٣- بە وردبوونەوە لە پاشماوە و شوێنەوارە مێژووییەكانی وەک گردۆڵكە دەستكردەكان و شورا و مزگەوت و بازاڕ و قەیسەری و كاروانسەرا و خانووبەرەی كۆن و شانشین و قشڵە و ئاش (ئاسیاو)، سیمای شارستانی كفری و هونەری بیناسازیی جیاواز هەستی پێدەكرێت.

٤- كفری خاوەنی كەلەپورێكی دەوڵەمەندە لە داب و نەریتی جیاواز، كە هونەری مقام گوتن دیارترینیانە لەمڕووەوە چەندین مامۆستای بەتوانا و دیار هەڵكەوتووە و لەسەر دەستی ئەوان دەیان كەسیتر پێگەشتوون.

٥- لەڕووی ئابوورییەوە كفری ئاو و هەوای گونجاو بووە و ناوچەیەكی دەوڵەمەند بووە بەخاكی بەپیت و سەرچاوە جیاوازەكانی ئاو، بۆیە كشـتوكاڵ بڕبڕەی پشـتی ئابووری پێكهێنابوو، جگەلەدانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ، درەختی بەرداری وەک(پرتەقاڵ، لیمۆ، هەرمێ، هەڵوژە، قەیسی و تەنانەت باخی خورماش)ی تێدا بووە.

٦- پیشـــەو پیشـــەگەری بەشـــێکیتر بووە لە ســـەرچاوەکانی داهاتی دانیشـــتوان کفری، پیشـــە جیاوازەکانی وەک (گۆزەچێتی، قایەچێتی، بەرگدرووی، هەلاجی، خومچێتی، چەخماخەچی، ســەراجی، ئاســنگەری و دارتاشــی.....) لەو پیشانەن لەنێو بازاڕی کفریدا دوکان و گوزەری تایبەت بەخۆیان هەبووە.

٧- هەڵکەوتەی جوگرافی کفری لەسەر ڕێگای نێوان (سلێمانی- بەغداد) و (کەرکوک- بەغداد) و (قەوقاس- بەسرە)، وایکردووە کفری بووە بەشارێگەی تێپەڕبوونی کاروانە بازرگانییەکان، جموجۆڵی بازرگانی پەرەیسەندووە بووە بەهۆی دروســتکردنی خان و کاروانســـەرا، کە قافڵە بازرگانییەکان تێیدا ماونەتەوە و جگە لەســـودی ئابووری تێکەڵاوبوونی کەلتوری دانیشتوانی کفری بەناوچە جیاوازەکان لێکەوتوەتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**تێزە زانکۆییە بڵاونەکراوەکان**

**أ- بەکوردی**

- ڕێواس فتاح محەمەد، ٢٠٢٣، شارەکانی باشوری کوردستان لەسەدەی نۆزدەدا، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**ب- بەئینگلیزی**

– Qadir Muhammad Muhammad, 2017, Kurds and Kurdistan in the View of British Travellers in the Nineteenth Century, Thesise of Doctor of Philosophy, School of History, Politics and International Relations, University of Leicester.

**کتێب بەزمانی کوردی**

- برادۆ ستی و ئەحمەد، زێدان و هونەر فخرالدین، ٢٠١٧، بازاڕی کۆنی شاری کفری، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- بێخاڵی، سەید مەولود، ٢٠١١: هەولێرم وا دیووە و وا بیستووە و وا سەرچاوەی گرتووە، پێداچوونەوە و پێشەکی کەمال غەمبار، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- باجگر، نەوزاد یەحیا (ئامادەکردن)، کفری (ســەڵاحیە) لەبەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوســـمانیدا، ٢٠٢٢، وەرگێڕانی: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی چوارده، بڵاوکراوەی خانەی جیهان، ئەرشیفی بەڵگەنامەکان، هەولێر.

- دەباغ، فەیسەڵ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٤، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا، چاپی یەکەم، هەولێر.

- دەلۆ، حوســێن ئیســـماعیل خان، ٢٠١٠، ناوچەی کفری لەنێوان ســـاڵانی (١٩١٤-١٩٤٥)، بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوک، کەرکوک.

- ڕیچ، کلۆدیۆس جێمس، ٢٠٠٢، گەشـــتنامەی ڕیچ بۆ کوردســـتان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، چاپی ســـێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- سامی، شەمسەدین، ٢٠٠٨، کورد و کوردستان لەیەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی لەمێژوودا (قامووسولئەعلام) وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەحمەد تاقانە، چاپی یەکەم، هەولێر.

- صالح، یاسین صابر، ٢٠٠٥، ئینسکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- عزیز، سهێل خورشید، ٢٠١٣، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

- عزیز، سهێل خورشید، ٢٠١٥، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانی نێوان ساڵانی (١٨٧٠—١٩٧٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

- عبدلله، صلاح الدین عبدالحمید، ٢٠١٢، شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانییەتدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

- فرەیزەر، جیمس بیلی، ٢٠٢٠، گەشتەکەی فریزەر بە کوردستان ومیزۆپۆتامیادا لە ساڵی ١٨٣٤، وەرگێڕانی: د.نەوزاد ساڵح ڕەفعەت، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

- کەریم، خالد مەحمود، ٢٠١٩، باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- میولەر، کارل، ٢٠٠٢، کاروانسەراکانی ڕۆژهەڵات، وەرگێڕانی عەبدولمۆمین دەشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- نەریمان، مصطفی، ٢٠٠٧، شۆڕشی برایم خانی دەلۆ لە بنچ و بناوان و لق و پۆپەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوک.

- هەروتی، سەعدی عوسمان، ٢٠١٣، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان لە سەردەمی عوسمانییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- هەروتی، سەعدی عوسمان، ٢٠١٤، کورد و کوردستان لەبەڵگەنامە وسەرچاوە مێژووییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

**کتێب بەزمانی عەرەبی**

- الوائلي، عبدربه سكران إبراهيم، ٢٠١٣، اكراد العراق ١٨٥١-١٩١٤ دراسة في التاريخ الإقتصادي و الإجتماعي والسياسي، دار الثقافة و النشر الكردية، بغداد.

- البغدادي، المنشئ، ١٩٤٨، رحلة المنشى البغدادي(١٢٣٧ه/١٨٢٢م)، ترجمة:عباس العزاوي المحامي، شركة التجارة و الطباعة المحدودة، بغداد.

- بكنغهام، جمس، ١٩٦٨، رحلتي الى العراق، ترجمة: سليم تكريتي، ج١، مطبعة أسعد، بغداد.

- شفيلى، آ.م. مينتيشا، ٢٠١٩، الأكراد، ت: منير حوج، ط١، دار التنوع الثقافي، دمشق.

- عزيز، سهيل خورشيد، ٢٠٠٢، صفحات من تأريخ منطقة كفري، الطبعة الاولى، مطبعة تەما، السليمانية.

- عباس عزاوی ، تاریخ العراق بین احتلالین حکومة ممالیک (٩٤١ه-١٥٣٤م) / (١٠٤٨ه-١٦٣٨م) ، ج٤، شـــركة التجارة و الطباعة المحدود، بغداد ، ١٩٤٩ .

- عباس عزاوی ، تاریخ العراق بین احتلالین العهد العثماني الاخير ١٢٩٨ه-١٩٧٢م / ١٣٣٥ه- ١٩٧٢م ، ج٨، شركة التجارة و الطباعة المحدود، بغداد ، ١٩٥٦.

- على شاكرعلى، ١٩٨٥، تاريخ العراق في العهد العثماني (١٦٣٨-١٧٥٠م) (دراسة في احواله السياسية)، الطبعة الاولى، بغداد.

- فارقي، ثريا و آخرون، ٢٠٠٧ : التاريخ الإقتصـــادي و الإجتماعي للدولة العثمانية، ترجمة؛ قاســـم عبده، الطبعة الاولى،دار المدارالإسلامي، بيروت.

- نيبور، كارســتن، ٢٠١٢، رحلة نيبور الكاملة الى العراق، ترجمة: سـعاد هادي العمري والآخرون، الطبعة الاولى، مطبعة دار الوراق للنشر، بيروت.

- يوسف، الرقيب، ٢٠٠٥، حدود كردستان الجنوبية تآريخيا و جغرافيا، الطبعة الاولى، مطبعة شڤان، السليمانية

**ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەزمانی تورکی عوسانی**

**-** سالنامەءدولت عليه عثمانية، (١٢٩٤ه)، دفعه (٣٢)، محمود بک مطبعه سنده طبع اولنمشدر، استانبول.

- موصـل ولايتی سـالنامەء سـی(١٣١٢ه)، مكتوبي ولايت سـعادتلو حسـن توفيق أفندي معرفتيله، مطبعة سـنده باصلمشدر.

- سالنامة نظارات معارف العمومية، ١٣١٧ه : ١٤٠٤، دار الخلافة العلية، مطبعة عامرة.

**گۆڤار بە زمانی کوردی**

- ج.ه.کرامرز (تۆمابوا)، ٢٠١٣، کەرکوک لە ئینســـکلۆپیدیای ئیســـلامدا، و: د.نەجاتی عەبدوڵڵا، ئەکادیمیای کوردی (گۆڤار)، ژمارە (٢٦).

- گەڵاڵی، موحەممەد، ٢٠٢٣، بارودۆخی تەندروستی و بڵاوبوونەوەی پەتا لە قەزای کفری ١٨٧٥-١٩١٥، گۆڤاری دیوان، ژمارە (٢١)، هەولێر.